کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-4-2007 2:07 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کێ داتوانێت بێدەنگ بێت، لە ئاست بەردباران کردنی (دوعای پەپولە) دا؟!!! تاڤگە سابیر

راستە توندوتیژی دژ بە ژنان و کچان لە کۆمەڵگای کوردیدا، رەگ و ریشەیەکی لەمێژینەی هەیە و بە سەدان تاوان لە دژی ژنان، ئەنجامدراوەو تا هەنووکەش ئەنجان دەدرێت. زۆر جاریش خەڵکی ئازادیخواز بەناوی داکۆکی کردن لە مافی ژنان، لە شیکردنەوە و راڤەکردنی ئەم دیاردەیەدا، هۆکارەکانی روودانی بۆ کاریگەرییە دەگێڕنەوە، کە ئاین و کەلتووری ئیسلام بەسەر کۆمەڵگای کوردیەوە جێهێشتوە، ، زیاتریش لەمە گەلێگ جار لەو تاوانانەی دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێن، و توندوتیژی و مامەڵە و فرۆشتن و زۆر کاری تری نارەوا دژ بە ژن راستەوخۆ پەنچەی تۆمەتبارکردن بۆ ئاینی ئیسلام رادەکێشن و ئیسلام دەخەنە نێو قەفەسی تۆمەتباریانەوەو رێگە بە خۆیان دەدەن بێئینسافانە دادگایی ئیسلام بکەن. تەنانەت هەندێ جار بە ئاینێکی تەواو دژ بە ژن و کچان ئازادیەکانی مرۆڤ بەگشتی و ژن بە تایبەتی وەسف دەکەن. دیمەنەکانی کوشتن و بەردبارانکردن و سوکایەتی پێکردنی کچێکی تەمەن 17 ساڵ لەناو جەنگەی شاردا و بە بەرچاوی گشت ئەو خەڵکە و ئاسایشەوە، لەلایەن کۆمەڵێک جەللادی بەناو مرۆڤ و خاڵی لە هەر بەزەیی و سۆزو هەستێکی ئینسانیانە، مرۆڤ توشی شۆک و زارەترەکبوون دەکات. کە دەبینی لە سەردەمی سەدەی بیستویەکەمیندا و بە بەرچاوی چەندین رێکخراو و دامەزراوەی داکۆکیکار لە مافی ژنان کە بابگەشە و دروشمی بریقەداری دەسەڵاتیان بەرز کردۆتەوە، باسی پاراستن مافی ژنان دەکەن. کەچی کەسانێک بەوپەڕی دڕندەیی و دڵڕەقیەوە، بە شێوازێک کە ئەوپەڕی وەحشیگەریە، پەپولەیەکی تەمەن 17 ساڵ بەردباران دەکەن و سوکایەتی پێدەکەن تا ڕادەی کوشتنی. بۆیە هەر کەسێک تۆزقاڵێک ویژدانی هەبێت و لە مانای ئینسانیانەی ژیان و مرۆڤ بگات بەو دیمەنانە لە ناخەوە دەەژێت و توشی داهێزران دەبێت. کۆمەڵگا و کۆنەپەرستانی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە، بەرهەمهێنەری ئەم کەلتووره پڕ توندوتیژیەن، نەوەک تەنیا دژ بە ژنن، بەڵکو بەرامبەر یەکتریش ژن لەلایەن ئەو دڕندانەوە، ئەوانەی ئەو گوڵە سووره بێدەسەڵاتەیان (دوعا) ی پەپولەیان بەو شێوازە دڕندانە و مرۆڤانەیە نەرگەسات کرد. ئەوانە ئەو مرۆکوژانە خەڵکی بەعشیقەکە بەداخەوە (کوردی ئیزدین)، کۆمەڵگایەکدان بڕیاری مەرگی بەنوێترین و ترسناکترین شێوازی بەردبەری بەسەر ئەو بەستەسزمانەدا دەدەن و بێ حسابکردن بۆ دەوڵەت و حکومەت و یاسا. لە وولاتێکدا کە سەرکردەکانی هەر خەریکی ووتاری سەروەری یاسان و دەڵێن نابێت کەس لەیاسا گەورەترو بەرزتربێت، بە بەردبارانی تامەرگ و رووتکردنەوەی بە بەرچاوی کۆمەڵگایەکەوە، کە رووتی بۆ ژن ناموس بردن و ئەتککردنیەتی و بڵاوکردنەوەی بەسیدی مۆبیل ەک ئەوەی کە کارێکی زۆر بوێرو سەربەرزییان ئەنجام دابێت. ئەم راستییە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو کۆمەڵگای کوردییە توندوتیژی وەک رەفتارێکی باو لە دژی ژناندا بەرهەم دەهێنێ و بە ئاییینیکی دیاریکراویشەوە پەیوەست نییە. ئەو شێوازە امرۆڤانەیە و دوورە لە هەموو داب و نەریت و بەهایەکی ئاییینی و ئەخلاقی و ئینسانی. بە بەردباراکردن و کوشتنیشی وازی لێناهێنن و لەناو ئاپۆڕی ئەو حەشاماتەدا، کە تا سەر ئێسقان دواکەوتوویی و ئەقڵ داخراوی نیشان دەدات. وەک سوکایەتی پێکردنێک و جۆرێک لە سزادان و ئازاری دەروونی، تەواوی جەستەی دەردەخرێت و بەزوومی کامێرای مۆبایلەنیان وێنەی دەگرن و تا دواتر بڵاوی بکەنەوە، هەروەک ئەوەی دیمان. بە بەرچاوی سەدان کەسەوە بەردبارانی دەکەن و وێنەی ڤیدیۆیی جەستەی رووتی ئەو پەپولەیە بڵاو دەکەەوە. ئاخ ئەو گۆڵە سووره چ تاوانێکی کردووە، تا بەو سەختیە سزای مەرگ و ریواکردنیشی بەسەردا بسەپێنرێت. گەرگریانەی ئەوە بکەن گەورەترین تاوانیش ئەنجام دابێت، هیچ ئایین و شەریعەتێک رێگە نادات بەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شێوازە مامالەی لەگەڵدا بکرێت. زۆر جار کۆمەڵگای کوردی تاوانی کوشتنی ژنان بەناو ناموسەوە دەمێکە بۆت مۆرکی باوی کۆمەڵگا رۆژهەلاتییەکان بە تایبەت کەلتووری کورد کە زۆر جار لە کەلتووری تەورو ژن کوژی چیدیکەی لێ بەرهەم ناهێنی، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، کە ئەم کەلتوورە بووە زەنگی مەترسی بۆ کۆمەڵگای کوردو هەردەم لێدەدات.

سوێد 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.